# مامەڵەی سۆشیاڵ میدیای کەناڵە ئاسمانیەکان لە رووماڵکردنی پرسە سیاسیەکانی هەرێمی کوردستاندا (توێژینەوەیەکی رووپێویی ناخنشیکارییە)

د. شێرکۆ جبار محمد
بەشی تەکنیکی میدیا- کۆلیجی تەکنیکی کارگێڕی
زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی

**الملخص**

تهدف هذا البحث إلى التعرف على كيفية معالجة مواقع الاعلام الاجتماعي للقنوات الفضائية في تغطية القضايا السياسية في اقليم كوردستان-العراق، ومعرفة أهداف ودوافع االقائمين بالاتصال فى تلك القضايا والضوابط والمعايير التى يعتمدونها أثناء عملية التغطية والنشر. واستخدمت منهج الدراسات المسحية الذي تم من خلاله استخدام اسلوب تحليل المضمون عن طريق أداة استمارة تحليل المضمون على عينة غير عشوائية عمدية من مواقع الاعلام الاجتماعي للقنوات الفضائية الكوردية والتي تمثلت كل من قناتي Rudaw و NRT خلال مدة زمنية لشهر كانون الثاني ٢٠١٨، وخلصت دراسة تحليل المضمون إلى مجموعة من النتائج ابرزها: حظيت المعالجة الاعلامية للقضايا السياسية على مواقع الاعلام الاجتماعي على القنوات الفضائية (سياسياً) بالمرتبة الاولى بنسبة ٢٦,٣%، وتصدرت اسلوب (الاعتماد على المؤثرات الصوتية والمرئية) المركز الاول من بين اساليب عرض المواضيع السياسية على تلك المواقع بنسبه ٣٨,٣%، وعلى مستوى طبيعة نشر تعليقات الاعضاء فى تلك المواقع جاءت تعليقات (نقد الاداء للحكومة) فى المرتبة الاولى بنسبة ٤٠,٥%.

**Abstract**

The aims of this research is to identify how the social media sites of the satellite channels deal with the coverage of political issues in the Kurdistan Region of Iraq and the objectives and motives of the communicators in the issues, controls and standards they adopt during the coverage and publication process. The survey methodology was used to use the content analysis method by means of the content analysis tool on a random non-random sample of the social media sites of the Kurdish satellite channels, which represented both the Rudaw and NRT channels over a period of time in January 2018. The analysis of content The political media on political media sites ranked first (26.3%), and the method of relying on sound and visual effects was the first among the methods of presenting political topics On those sites by 38.3%, and the level of nature of the publication of comments of members in those sites came comments (criticism performance of the government) ranked first by 40.5%.

## پێشەکی:

گەشەسەندنە یەك لەدوای یەکەکانی گۆڕەپانی زانستی مێدیاوگەیاندن فۆڕم و شێوازێ نوێی مێدیایی هێنایە کایەوە، بەئەندازەیەکی بەرفراوان و هەمەچەشن لە پۆلێنکاریی و چەمکی زانستی و نازناوی نوێ لای بەکارهێنەران و

خاوەن دامەزراوە مێدیایەکان بەگشتی و پسپۆران و توێژەرانی بواری کۆمنیوکەیشن بەتایبەتی. ئەوچەمکە نوێیە بەربڵاوانەش بریتین لە: ئامرازەکانی مێدیای نوێ، مێدیای دیجیتاڵی، مێدیای ئەلتەرناتیف، مێدیای گریمانەیی کە هەریەك لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان، پۆرتاڵەکان، یانە ئەلکترۆنیەکان، گروپەکانی پۆستە، پێگەکانی وێب و هەندێ شکڵ وجۆری فرەچەشن لە خۆدەگرێ.

ئەمڕۆکە هۆیەکانی مێدیای دیجیتاڵی و کۆگەیاندن بەڕێگەی ئینتەرنێتەوە زیاتر بەربڵاوو بەکارهێنراوە، بەتایبەتی لە ژیانی گەنجاندا، چ وەك بەکارهێنانی تێکست یان بەشداریکردن بەڕێگەی ڤیدیۆفایل لە ئینتەرنێت و مۆبیل و پێگەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان و پێگەکانی دەستاودەستکردنی فایلی ڤیدیۆیی. ئەمێستا ئەم تەکنەلۆژیایە کەمتر لە دەیەیەك، بووەتە بەشێك لە ژیانی هاوڵاتیان بەگشتی و توێژی گەنجان بەتایبەتی.(عادل عبدالصادق،٢٠١٥،ص٢٥٦).

پێگەکانی پەیوەندیکردنی کۆمەڵایەتی بە یەکێك لە هۆیەکانی گەیاندنی مۆدرێن و سەردەم هەژمار ئەکرێ کە رۆژانە بەرێگەی ئەو پێگە کۆمەڵایەتیانە ملیۆنەها بەکارهێنەری تۆڕی ئینتەرنێت پرۆسەی گەیاندن ئەنجام ئەدەن، بێ ئەوەی هیچ هۆکارێکی وەك تەمەن یان جێندەر یان پیشە یان رەگەز لە نێوانیاندا جیابکرێتەوە، ئەم حەشاماتی بەکارهێنەرانە مەیل و حەزو ئارەزووی هاوبەش کۆیان دەکاتەوە، هەر ئەم رەگەزە هاوبەشانەیە وایکردوە زیاتر توێژی گەنجان بەر ئەو پێگانە ئەکەون، چونکە زیاتر توێژی گەنجانە سەرقاڵی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای نوێیە، کە خۆی لەو جۆرە پێگانە دەبینێتەوە بە بەراوورد لەگەڵ توێژەکانی دیکەی ناو کۆمەڵگە بەهۆکارو پاڵنەری جۆراوجۆری دەروونی و کۆمەڵایەتی وەك حەزو ئارەزووکردن لە گەڕان بە دوای هاوڕێیەتی و دروستکردنی پەیوەندی لە گەڵ کەسانی دیکەی دەرەوەی کۆمەڵگاکەی خۆی.(یحی الیحیاوي، ٢٠١٥، http://studies.aljazeera).

ئەم پێشکەوتنە تەکنەلۆژییەی بواری پەیوەندیکردن و گەیاندن بە بونیادێکی ئەلیکترۆنی کارلێك پێناسە ئەکرێت کە خێراترین و سادەترین رێگەی پەیوەندیکردنە لە وەدیهێنان و فەراهەمکردنی پێداویستیەکان و ئارەزووەکانی هاوڵاتی، وەك پێداویستی مەعریفی و گەیشتن بە زانیاری نوێ یان ئەنجامدانی پرۆسەی گەیاندن یان کاتبەسەربردن. بەناوبانگترین پێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان و زۆرترین بەکارهێنەری لە ناو جەماوەردا بریتیە لە (فەیسبوك و تویتەر ) کە ئەمڕۆ تەنها وەك دوو پێگەی کۆمەڵایەتی تەماشا ناکرێ، بەڵکو بوون بە دوو ئامرازی مێدیایی سیاسی لە هاندان و بەشداریکردن لە جوڵاندنەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە تەواوی وڵاتانی جیهاندا.(محمد بنهلال، ٢٠١٣، ص٢٥٧)

پاش درك کردنی خاوەن دامەزراوە مێدیاییەکان بە گرنگی پێگەی جەماوەری سوشیال مێدیاو شوێن لەقکردنی هۆیەکانی ماس مێدیای تەقلیدی (رۆژنامەی کاغەز، رادیۆ، تەلەفیزیۆن، سینەما، بڵاوکراوەکان)، بەکارهێنەرانی سوشیال مێدیا لە پانتاییەکی بەرتەسکی تاکەکەسی هاتەدەر، بگرە خاوەن دامەزراوەکانی مێدیای تەقلیدی گرنگی و بایەخی ئەوتۆیان بە سۆشیال مێدیا داوە وەك ئامرازێك بۆ کارلێك کردن و گەیاندنی زانیاری خێرا و کارتێکی کاریگەر بە جەماوەری مەبەستدار. هەر لەم سۆنگەشەوە سوشیال مێدیای تایبەت بە کەناڵە ئاسمانییەکان لە هەرێمی کوردستاندا وەك دۆخە تاوتوێیەکی ئەم توێژینەوە، رۆڵی کارلێکیان بینوە لە نێو کۆمەڵگای کوردیدا لە رووماڵکردنی پرسە سیاسیەکان و رێکارەکانی ناخنشیکاریی لەم توێژینەوەیەدا زیاتر بۆمان روون دەکاتەوە.

**یەکەم: کێشەی توێژینەوە:**

سۆشیال مێدیا یان پێگەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بۆ ئەو کۆمەڵگەیانەی لە قۆناغی راگوزەری دیموکراتیدان، بە یەکێك لە سەرچاوە سەرەکیەکانی زانیاری هەژمار دەکرێ، بەتایبەتی لە کاتی قەیران و رووداوە سیاسیەکاندا، چونکە رۆژانە سۆشیال مێدیا گوژمێکی بەرفراوان لە هەواڵ و وێنەو تێڕوانین و دیدو بۆچوون لە بارەی ئەو رووداوانەی کە

لە گۆڕەپانی سیاسی هەرێمی کوردستان و عێراق و ناوچەکەدا روو ئەدەن پەخش و بڵاو دەکاتەوە. ئەم رۆڵەی سوشیال مێدیا لە ئەزموونی سیاسی هەرێمی کوردستانی عێراق بەدەر نەبوو لە ئەزموونەکانی دیکەی دەوروبەر وەك : رووداوەکانی بەناو بەهاری عەرەبی و دەرهاویشتەکانی تاحاڵی حازر لە سیاقی پەرەسەندنی رووداوە سیاسیە جیاوازەکان – هەر لە ئان و ساتی رووداوەکانی ١٧ی شوباتی ٢٠١١ تاوەکو هەڵایسانی قەیرانە سیاسیەکانی پاش هەڵبژاردنی ئەندامانی پارلەمانی عێراق لە ١٢ی ئایاری ساڵی ٢٠١٨و تا ئێستا- . ئەوەی لای توێژەران و ئەکادیمیستانی بواری مێدیاو کۆمنیوکەیشن جێی تێبینیە، سوشیال مێدیا وەك کەرەسەیەکی نوێی ئەلیکترۆنی جەماوەریی بواری کۆمنیوکەیشن، نەیتوانیوە رۆڵی کارا ببینێ لە بڵاوکردنەوەی پەیامی مێدیایی پێویست بە پاڵپشتیکردنی بەهاکانی کەلتووری دیموکراتی سیاسی کە خۆی لە: لێبوردەیی، پێکەوە ژیان، قبوڵکردنی فرەیی، هەستی هاوڵاتیبوون،....هتد)) دەبینێتەوە، بەڵکو بوو بە ئەداتێك لە بڵاوکردنەوەو پاڵپشتیکردنی بەهای توندوتیژی سیاسی لە ئاستێکی بەرچاودا.

لە سەر بنەمای ئەو تێبینیە زانستیەی پێشتر توێژەر ئاماژەی بۆکرد، کێشەی ئەم توێژینەوەیە خۆی لە چوارچێوەی سروشتی چۆنییەتی مامەڵەی سوشیال مێدیا دەبینێتەوە لە هەڵایسانی قەیرانە سیاسیەکانداو هاندانی بەکاربەری تۆڕەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی لە هەڵچوونی زەینی سیاسی و ناسەقامگیریی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا بە مەبەستی دەستنیشانکردنی سروشتی کاریگەرییە ناسکارییەکان و ویژدانییەکان کە تۆڕەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی تایبەت بە کەناڵە ئاسمانیەکان لە هەرێمی کوردستان ئەشێ پراکتیزەی بکەن لەسەر جەماوەر لەم بوارەداو پەیوەندی ئەم پرۆسەیە بە هەڵایسانی قەیرانی سیاسی و توندوتیژی سیاسی لە قۆناغی راگوزەری دیموکراتی کە ئەزموونی سیاسی کورد لەم هەرێمەدا تێیدا ئەگوزەرێ.

**دووەم: گرنگی توێژینەوە:**

گرنگی زانستی ئەم توێژینەوەیە، لەسەر رۆشنیایی گرنگی بواری تیۆریی و پراکتیکی ئەم خاڵانەی خوارەوە بونیاد نراوە.

١- گرنگی تیۆریی ئەم توێژینەوەیە خۆی لە تاوتوێکردنی گرنگی رۆڵی سوشیال مێدیا دەبینێتەوە لە ئاراستەکردنی فیکری جەماوەر لە قۆناغی راگوزەری سیاسی ئێستای هەرێمی کوردستانداو لەرێگەی خستنەڕووی پرسە سیاسیەکان بەشیوەی ئەرێنی و نەرێنی.

٢- هەڵوەستەکردن لەسەر گرنگی کارکردن بە پەیماننامەکانی ئاکاری مێدیایی و ئێتیکی لە چوارچێوەی هەر یەك لە یاساکانی ژمارە (٣٥) کاری رۆژنامەنوسی ساڵی ٢٠٠٨ و یاسای ژمارە ١١ی ساڵی ٢٠١٣ی مافی دەستکەوتنی زانیاری و یاسای ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٨ی خراپ بەکارهێنانی ئامێرە ئەلکترۆنییەکان.

٣- گرنگی ئامادەگیی و بەرجەستەکردنی سیستمێکی مێدیایی پارێزبەند لە ملکەچبوون بۆ هەڕەشەی بازرگانی-بەکاربەرو جاڕدان، هەروەها فشاری گروپی بەرژەوەندخوازی سیاسی، پارێزراو لە دەستێوەردانی سیاسی و حکومی لە سیاسەتی هەواڵسازییدا.

٤- گرنگی ئەم توێژینەوەیە، دەوڵەمەندکردنی میراتی زانستی و کلتووری بواری مێدیای نوێیە لە ناوەندە ئەکادیمییەکان و زانکۆکانی هەرێمی کوردستان بە تایبەتی کەرەستە نوێیەکانی مێدیای سەردەم کە خۆی لە شۆرشی ئەلکترۆنی کۆمەڵایەتی دەبینێتەوەو گەنجینەی ئەکادیمی کوردی لەم جۆرە توێژینەوانە هەژارە.

**سێیەم: ئامانجی توێژینەوە:**

ئامانجە زانستیەکانی ئەم توێژینەوەیە خۆی لە کۆمەڵێ ئامانجی سەرەکی و لاوەکی دەبینێتەوە، کە بریتین لە:

١- ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە دەستنیشانکردنی کارتێکردنی دیدی گشتی لە هەرێمی کوردستاندا بە چۆنێتی خستنەڕووی پرسە سیاسیەکان لە پەیجە فەرمییەکانی سۆشیال مێدیای تایبەت بە کەناڵە ئاسمانیەکان، لەسەر ئەو پرسە سیاسیە پێشنیارکراوانەی لەسەر پەیجەکان و لەسەر دیدی گشتی هاوڵاتیان لە هەرێمی کوردستاندا.

٢- کەشفکردنی تایبەتمەندێتیە بەرچاوەکانی پرسە سیاسیەکان لە تۆڕەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی تایبەت بە کەناڵە ئاسمانیە کوردییەکان و دەرخستنی ئاستی لێکچوون و جیاوازی نێوان ئەو پەیجە کۆمەڵایەتیە فەرمیانە لە چۆنییەتی پێشکەش کردن و بڵاوکردنەوەی پرسە سیاسیەکان.

٣- شیکاریکردنی سروشتی چوارچێوەی مێدیایی لە چۆنییەتی خستنەڕووی پرسە سیاسیە تایبەتەکان بە رووداوی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا.

٤- ناساندنی جۆری ئەو بابەتە سیاسییانەی دەخرینە ڕوو لە پەیجە فەرمییەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانی تایبەت بە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لە کاتی خستەڕووی پرس و کێشە سیاسیەکان لە هەرێمی کوردستاندا.

**چوارەم: پرسیارەکانی توێژینەوە:**

ئەم توێژینەوەیە دۆخێکی میتۆدی پیشکەش دەکات بەمەبەستی وەڵامدانەوەی پرسیاری سەرەکی توێژینەوەکە کە بریتیە لە : ئایە مامەڵەی سۆشیال مێدیای کەناڵە ئاسمانییەکان لە هەرێمی کوردستاندا لە خستنەڕووی پرس و بابەتە سیاسیەکاندا چۆنە؟

لە ناوەخنی پرسیارە سەرەکیەدا، چەند پرسیارێکی دیکەی زانستی تایبەت بە تەوەری سەرەکی کێشەی توێژینەوەکە دەخرێنە روو:

١- ئەو ئاراستە فیکرییە سەرەکیانە چین کەپەیجە فەرمیەکانی سۆشیاڵ مێدیای کەناڵە ئاسمانیەکان لە بارەی پرسە سیاسیەکانی هەرێمی کوردستاندا دەیخاتە ڕوو؟.

٢- ئەو خەسڵەتە دیارانە لە چۆنییەتی مامەڵەی مێدیایدا بۆ پرس و کێشە سیاسیەکان چین لە پەیچە فەرمییەکانی سۆشیال مێدیای کەناڵە ئاسمانیەکان؟.

٣- قەبارەی گرنگیدان پەیجەکانی سۆشیال مێدیای کەناڵە ئاسمانییەکان لە هەرێمی کوردستاندا چەندە کە تایبەتن بە رووماڵکردنی مێدیایی پرس و کێشە سیاسیەکان لە کاتی قەیرانەکاندا؟.

٤- رووە جیاوازەکان و لێکچووەکانی نێوان پەیجەکانی سۆشیال مێدیای کەناڵە ئاسمانیەکان چین لە کاتی باسکردنی پرس و کێشە سیاسیە جیاوازەکاندا؟.

**پێنجەم: توێژینەوەکانی پێشووی تایبەت بە توێژینەوەی ئێستا:**

لەدەرەنجامی گەڕان بە نێو میراتی زانستی لە ناوخۆو دەرەوەی هەرێمی کوردستاندا، توێژەر هیچ توێژینەوەیەکی بەردەست نەکەوت راستەوخۆ گرنگی بدات بە رۆڵی سۆشیال مێدیای تایبەت بە کەناڵە ئاسمانییەکان لە رووماڵکردنی پرسە سیاسیەکاندا، بەڵکو ئەوەی بەردەست کەوت هەندێ توێژینەوەن لە بارەی رۆڵی سۆشیال مێدیایە لە نێو کایەو گۆڕانکارییە سیاسیەکاندا بەگشتی باسکراوەو لەڕووی تیۆرییەوە نزیکایەتیان لەگەڵ توێژینەوەی ئێستادا هەیە، توێژەر (٣) توێژینەوەی بەپێی ریزبەندی پێشترین بۆ نوێترین خستۆتە روو:

**١- توێژینەوەی Rita Safranek 2012 بەناونیشانی: رۆڵی پێگەیشتووی ئامرازەکانی مێدیای کۆمەڵایەتی لە گۆڕینی سیاسی و سیستمەکانی حوکمڕانیدا.** توێژەر لەم توێژینەوە ناخنشیکارییە لە ئامرازەکانی سۆشیال مێدیاو

ڕۆڵی لە بارگرژی سیاسسیدا ئەکۆڵێتەوەو بە هێنانەوەی دۆخە تاووتوێی ڕووداوە سیاسیەکانی فلپین، ئێران، تونس، میسر، وەك سامپڵی توێژینە. پوختەی دەرەنجامی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە: ئامرازەکانی سۆشیال مێدیا ئەو ڕۆڵە ئەفسوناوییە نیە لە کات وساتەکانی گۆڕانکاریی سیاسی و وەلاتانی سیستمی حوکمڕانیدا، لە هەمان کاتیشدا بەکارهێنانی ئامرازەکانی سۆشیال مێدیا (دەقە پەیام، دەقی ئەلکترۆنی، ئاڵوێردکردنی وێنە، پێگەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان، ...هتد) دەرەنجامێکی حەتمی و یەکلاکەرەوە نیە، بەڵکو لە ئێستادا توانستی ڕاستەقینەی ئامرازەکانی سۆشیال مێدیا خۆی لە پاڵپشتیکردنی کۆمەڵگەی مەدەنی و کاری کۆمەڵایەتی گشتی دەبینێتەوە کە دەبێتە هۆی ڕوودانی گۆڕانکاری سیاسی لە ماوەیەکی زەمنی ئەشێ چەندین ساڵ و بگرە دەیە بخایەنێ، نەك مانگ و هەفتە.

**٢- توێژینەوەی جمال سند السويدی (٢٠١٤) بەناونیشانی: ئامرازەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و ڕۆڵی لە وەرچەرخانەکانی ئایندە: لەخێڵەوە بۆ فەیسبوك.** ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە ناسین و زانینی کاریگەرییە ئایندەیی و دوور مەوداکانی ئامرازەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و هەوڵدان بۆ تێگەیشتن لە ئاستی ئەو کاریگەرییە پێشبینیکراوانە لە بوارەکانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و مێدیایی و ئەمنیدا. توێژەر لەم توێژینەوە وەسفییەدا هەوڵ ئەدات بە ووردی وەسف و شیکاریی بۆ ئامرازەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی بکات بە بەکارهێنانی میتۆدی ڕووپێوی Survey method بە هەردوو ڕێکارە وەسفی و شیکارییەکەی، گرنگترین دەرەنجام لەم توێژینەوەیەدا کە توێژەر پێیگەیشتووە بریتیە لە: پەیوەندییەکی پێچەوانەیی هەیە لە نێوان تاك و ئازادی و ئامرازەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتیدا، تا چەند پێویستی تاك بۆ ئازادی زیاد بکات، پێویستی بۆ بەکارهێنانی ئامرازەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی زیاتر دەبێت، پێچەوانەکەشی ڕاستە، تا چەند ئازادی لە بەکارهێنانی ئامرازەکانی پەیوەندی کۆمەڵاتی زیاد بکات، ئەوەندەش ژمارەی بەکارهێنانی ئەو ئامرازانە زیاتر دەبن و زیاتر پەیوەست دەبن بەو ئامرازانە.

**٣- توێژینەوەی رضوان قطبی ٢٠١٨ بەناونیشانی: تۆڕەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و جوڵاندنەوەی سیاسی لە مەغریب.** ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە کەشفکردنی چۆنیەتی بەکارهێنانی تۆڕەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی لە لایەن خوێندکارانی زانکۆکانی کۆمەڵگای مەغریب و پەیوەندییان بە بەشداریکردن لە جوڵاندنەوەی سیاسی و جەماوەریی کە ئەو وڵاتە لەساڵی ٢٠١١وە بە خۆوە دەیبینێ. توێژەر لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی وەسفی بەکار هێناوە، هەروەها پشتی بە تەکنینی فۆڕمی ڕاپرسی بەستوە وەك ئامرازێك بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکان و ڕوونەکانی تایبەت بە توێژینەوەکە، سامپڵی بەکارهاتوو لەم توێژینەوەیەدا شێوازی هەڕەمکی نا ڕێکخراو هەڵبژێردراوە کە بریتیە لە ٤٠٠ بەرتوێژ. کرنگترین دەرنجام کە ئەم توێژینەوەیە پێیگەیشتووە بریتیە لە : تۆڕەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی بە شێوەیەکی ڕێژەیی ڕۆڵی بەرچاوی بینیوە لە هاندانی خوێندکارانی کۆمەڵگای مەغریبی لە پرۆسەی بەشداریکردن لە جوڵاندنەوەی سیاسی پاش ڕووداوەکانی بەهاری عەرەبی ساڵی ٢٠١١.

**تێبینی توێژەر لە خستنەڕووی توێژینەوەکانی پێشوو:**

١- لە خستنەڕووی توێژینەوەکانی پێشووی پەیوەندیدار بە توێژینەوەی ئێستادا، جیاوازییەکی بەرچاو بەدیدەکرێت لە دەرەنجامی توێژینەوەکان کە توێژەران پێگەیشتوون بە جیاوازی جۆری گۆمەڵگاکان کە توێژینەوەیان تێدا ئەنجامدراوە وەك تایبەتمەندێتی جەماوەر و ئایدۆلۆژیای سیاسی سیستمی حوکمڕانی و سروشتی پەیوەندییە سیاسیەکان و ئابووریەکانی نێوان وڵاتێك بۆ وڵاتێکی دیکە.

٢- له توێژینەوەکانی پێشوودا ئامرازی توێژینەوەی جۆراوجۆر بەکارهێنراوە بە مەبەستی کۆکردنەوەی روونەکان، وەك بەکارهێنانی ئامرازی فۆرمی راپرسی و ئامرازی ناخنشیکاری، توێژەر توانیویەتی سوود لە هەندێك لەو ئامرازانە وەرگرێت لە دارشتنەوەی دەستەو یەکەکانی فۆرمی ناخنشیکاریی لەم توێژینەوەی ئێستادا.

٣- رەهەندی سیاسی بگۆڕێکی سەرەکی دەرەنجامی زۆربەی توێژنەوەکانی پیشووە بە تایبەتی زۆربەی توێژینەوەکان لەسەر وێنای زەینی جەماوەر چڕبووەتەوە لە کاتی جولاًندنی سیاسیدا. بۆیە توێژەر لەم توێژینەوەی ئێستادا سوود لەو رەهەندە سیاسیەی توێژینەوەکانی پێشوو وەردەگرێ و لەگەڵ پرسە سیاسیە جیاوازەکانی کۆمەڵگای بەراوردی دەکات.

**شەشەم: چوارچێوەی تیۆریی توێژینەوە:**

**تیۆری چێوەگرتنی مێدیایی Framing:**

- **دەستپێك:**

لەم سالاًنەی دواییدا چەمکی ناخنشیکاریی چیوەی پەیامەکانی مێدیا بە شێوەیەکی بەربلاًو لە توێژینەوەکانی بواری راگەیاندن بە کاردێت، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم تیۆرەیە لە زۆربەی پسپۆرییە زانستیەکانی دیکەی کە وابەستەی یەکدین جێگەی تاوتیۆکردن و بەکارهێنان بووە هەر یەك لە زانستەکانی: کۆمنیوکەیشن، کۆمەڵناسی، زانستە سیاسیەکانی لە خۆگرتوە، لەسەر ئەو بنەمایە، دەبینین لەم سالاًنەی دواییدا گرنگییەکی بەرچاوی بە خۆوە بینیوە لە لایەن توێژەران سەبارەت بە تاوتیۆکردنی چێوەگرتن کە ئامرازەکانی ماس مێدیای جەماوەری لە رووماڵکردنی رووداوەکان و پرسە جیاجیاکان تەوزیفی دەکات. جا لە بەر ئەوەی ئەم تیۆژینەوە بە شیوەیەکی سەرەکی گرنگی بە ناخنشیکاری ناوەڕۆکی پەیامە مێدیایەکانی پەیوەست بە هەلاًیسانی قەیرانە سیاسیەکان ئەدات، توێژەر گرنگی داوە بە خستنەڕوو شیکاریکردنی تیۆری چێوەگرتن و پەیوەندی بە تیۆژینەوەکانی بواری راگەیاندن.

- **بیردۆزەی تیۆریی چێوەگرتنی مێدیایی و قۆناغەکانی پەرەسەندنی:**

تیۆری ناخنشیکاری چێوەگرتنی مێدیا بە یەکێك لە گرنگترین تیۆرەکان هەژمار دەکرێت کە بە شێوەیەکی کارا هەوڵ ئەدات بە هەڵسەنگاندن و پێوانەکردنی ناوەڕۆکی پەیامەکانی مێدیا لە توێژینەوەکاندا، لەگەڵ ئەوەشدا لێکدانەوەیەکی دانسقە سەبارەت بە رۆڵی ئامرازەکانی راگەیاندن لە پێکهێنانی بیروڕاو ئاراستە فکرییەکانی تایبەت بە پرسە دیارەکانی نێو کۆمەڵگا پێشکەش دەکات و هەوڵ ئەدات پەیوەندی نێوان فیدباگی ناسکاریی و ویژدانیی جەماوەر بەرامبەر بەو پرسانە دەستنیشان بکات.(أحمد زکریا، ٢٠٠٩، ص٢١٩)

بیرۆکەی چەمکی چێوە ( الاطار ، Frames ) ئەگەڕێتەوە بۆ کۆششە ناسکارییەکانی زانای کۆمەڵناسی ئیرفنگ گۆفمان Goffman ساڵی ١٩٧٤، وەك ئامرازێك وەسفی کرد کە تاکەکانی کۆمەڵگە دەتوانن بەو ئامرازە درك و پێناسەو وەسفی رووداوەکان یان زانیارییەکان دیاری بکەن، گۆفمان ئەڵێ : ئەو کاتەی هەڵوێستە کۆمەڵایەتیەکاندرکیان پێدەکرێت، دەرەنجامی کۆمەڵێ پێشبینین کە هۆیەکانی ماس مێدیا بونیادیان ناوەو دەبنە هۆی پێکهێنانی دیدی گشتی بەرامبەر هەر بابەت و پرسێك کە پێشکەشی جەماوەر دەکرێت.(محمد عبدالحمید، ٢٠١٠، ص٤٠٤)

هەر یەك لە کلاوسۆن Clawson و نێڵسۆن ئۆکسلی Nelson Oxley پێناسەی چێوەگرتنیان کردوە کە پرۆسەیەکە بە ڕێگەیدا سەرچاوە مێدیایەکان پرس و بابەتە سیاسیەکان یان جەدەلە گشتیەکان لە بارەیانەوە دیاری و سستماتیك دەکات، وەلێ ناوەڕۆکی چێوە مێدیایەکان کاریگەرییان لەسەر دیدی گشتی جەماوەرەوە هەیە بە ڕێگەی چڕبوونەوەی

لەسەر کۆمەڵێ بەهای دیاریکراو یان ئەو بیرو بۆچونانەی کە پلەیەکی بەرز لە روونییان پێ ئەبەخشرێ و پەیوەستن بە پرس وکێشەکان زیاتر لەو چێوە ئەڵتەرناتیڤانەی دیکە.(Back.M,2002, pp5-6)

هەروەها هەر یەك لە "حسن مكاوي و ليلى السيد" پێیان وایە تیۆری چێوەگرتنی ناوەڕۆکی مێدیایی لێکدانەوەیەکی زانستی و سیستماتیکراو لە کاریگەرییەکانی ئامرازەکانی راگەیاندن بۆ سەر تاکەکانی کۆمەڵگە پێشکەش دەکات سەرەڕای جیاوازییان.(أحمد زكريا، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧٨) بیرمەندانی ئەم تیۆرییە بانگەشەی ئەوە دەکەن کە پەیامی راگەیاندن واتایەکی بێ مەغزایە ئەگەر لە چوارچێوەیەکی دیاریکراوی واتاداری کارتێك لە هەست و قایلکردنی جەماوەر دانەنرێت، بە ئەندازەیەك کۆی ئەو رووداو و پرسە چارەنوسسازیانەی کە بابەتی رۆژانەی پەیامەکانی راگەیاندنن گرنگ بێت بۆیان.( حسن عماد و ليلى حسين، ٢٠٠٨، ص٣٤٩)

- **جۆرو وەزیفەکانی چێوەگرتنی مێدیایی:**

بە رای "Entman" چێوەگرتنی مێدیایی بۆ دوو جۆر دابەشدەکرێت: چێوەگرتنی مامەڵەی مێدیایی بۆ دەقی مێدیایی، ئەو چێوەگرتنەی کە جەماوەر تەبەنی دەکات بەرامبەر هەر رووداوێك کە هۆیەکانی راگەیاندن پێشکەشدەکرێن. بە رای "Entman" چێوەگرتنیش بە چوار ئەرکی سەرەکی هەڵدەستێ کە خۆی لە کەشفکردنی هۆکارەکانی پشت هەر پرس و کێشەیەك دەبینێتەوە کە پێشنیار دەکرێن، لەگەڵ ئەو هێزە سەرەکیە کارایەی لە رووداوەکە رۆڵ دەبینێت، هەروەها یارمەتی لە پرۆسەی هەڵسەنگاندنی ئەخلاقییاتی رووداوەکە ئەدات، پاشان چارەسەری گونجاو بۆ جۆری مامەڵەی مێدیایی بۆ رووداوەکە دادەنێت.( Robert,M.Entman, 1993, pp51-52)

- **ئالییەتەکانی لە چێوەگرتنی مێدیایی:**

ئەگەر بڕوانینە ئالییەت و ئامرازەکانی چێوەگرتن لەسەر رۆشنایی کۆمەڵێ توێژینەوەی پەیوەست بە تیۆریی چێوەگرتن، دەبینین خۆی لە چەند ئامرازێك دەبینێتەوە:

١- بەرچاوخستن Salience: بریتیە لە دەرکەوتنی پرسێك یان کێشەیەکی دیاریکراو کە زۆرترین بەشی بەردەکەوێت لە نێو سەرچاوە مێدیاییە جۆراوجۆرەکاندا، یان بە لانی کەم بەرچاوخستنی بەشێك لە زانیاری بە شێوەیەکی زەق لەکۆی تەواوی زانیارییەکانی نێو پرسەکە.(رباب عبدالرحمن هاشم، ٢٠٠٨، ص١١-١٣ )

٢- ئاماژە نیگای کۆمەڵایەتی Social Cues: بونیادنانی لە چێوەگرتنی مێدیایی بۆ پەیام و دەقەکان پشت بە کۆمەڵێ هێما و واتای باوو ئاماژە نیگای کۆمەڵایەتی دەبەستێت، لەم بارەوە Goffman ئاماژە بەوە دەکات کە هەمیشە ژینگەی کۆمەڵایەتی ئاماژە نیگاکانی کۆمەڵایەتی دەبینێت کە بریتیە لە کۆمەڵێ ئاماژەو نیشانەی جۆراوجۆر لە کاتی روودانی گۆڕانکارییەك یان قەیرانێکی دیاریکراودا.(أحمد زكريا، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٤٤)

٣- ڕیتمی رووماڵکردن The Tone of coverage: بە یەکێك لە ئالییەتە هەر گرنگە بەکارهاتوەکان هەژمار ئەکرێ لە رووماڵکردنی جۆرەکانی ناوەڕۆکی مێدیایی چونکە سروشتی ئەو رووماڵکردنەو مەیل و پێشکەوتەکانی هۆیەکانی راگەیاندن بەرامبەر ناوەڕۆکی مێدیایی دەستنیشان دەکات.(هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤٥)

٤- هەڵاوێردکردن Eclecticism: خاوەن پرۆسەی گەیاندن هەڵدەستێت بە هەڵاوێردکردنی (انتقاء) هەندێ لە رەگەزەکان و زانیاریەکان و وێنەی بینراو کە شایەنی سەرنجڕاکێشانن بەلای ئەودا، بەم پرۆسەی هەڵاوێردکردنە خاوەن پرۆسەی گەیاندن زەینی جەماوەر بەلای لایەنێکی دیاریکراوی نێو کێشەکان و پرس و رووداوە جۆراوجۆرەکان رادەکێشێ.(رباب عبدالرحمن، سەچاوەی پێشوو، ل١٣)

٥-   دوورخستنەوەو فەرامۆشكردن Exclusion: واتە غافڵكردن يان فەرامۆشكردنی زانيارییەكی دياريكراو ئەشێ كاريگەری لەسەر لێكدانەوەی جەماوەر بۆ ڕووداوەكان دروستبكات، يان فەرامۆشكردنی پرۆسەی ڕوومالٌكردن لەسەر ئاستی بونيەی سەرەكی بۆ بابەتەكە يان ڕووداوەكە يان كێشەيەكی دياريكراوو تەنها فۆكەس خستنەسەر لايەك يان گۆشەيەكی لابەلای بابەتەكە.(حسن مكاوي، ليلى حسين، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٥٠)

٦-   چەندبارە Repetition: مەبەست لە چەندبارەبوونەوەی هەندێ وشەو وێنەيە بە مەبەستی كارتێكردن لە زەينی جەماوەر بەرامبەر ڕووداوە جۆراوجۆرەكان، تا چەند وشەكان و وێنەكان چەندبارە ببنەوە ئەوەندەش توانستی چوارچێوە مێدياييەكان لەسەر پەلكێشكردن و وورووژاندنی بيروڕاكان و هەستی جەماوەر زياتر دەبن.(رضا عكاشة، ٢٠٠٩، ص١٣٦)

لەم سياقەدا هەر يەك لە Cappella & Jamieson لە گريمانەيەكدا ڕوونگەيەكيان لەبارەی كاريگەرييەكانی لە چێوگرتنی پەيامی مێدياييدا خستەڕوو، كە بنەمای بيرۆكەی گريمانەكە بريتيە لە چێوەگرتنی هەواڵيی News Frames دەرهاويشتەی دياريكراو و بيروبۆچوون و بڕياردانان و فرەبۆچوون ئەووروژێنێ كە پەيوەستن بە كێشە جۆراوجۆرەكان و سياسەت و سياسەتمەداران و كار لەسەر هەڵسەنگاندنەكانی جەماوەر دەكات لە بارەيانەوە. هەر لەم بارەوە زۆرينەی توێژينەوەكانی ناخنشيكاريی چێوەگرتنی هەواڵيی گرنگيان بە توێژينەوەی ئەو جۆرە چێوەگرتنە داوە كە ئامرازەكانی مێديا لە وێناكردنی دەستبژێری سياسی و ئەدای دامەزراوە حكوميەكان تەوزيفيان كردوە بە ڕێگەی تاوتوێكردن و لێكۆڵنەوە لە تايبەتمەندێتی سۆزنانەی ڕوومالٌكردنی هەواڵيی لە دەزگاكانی ماس مێديای جەماوەريدا.(علي خالد، ٢٠٠١، ص٨٩)

- **سوود وەرگرتنی توێژينەوەی ئێستا لە تيۆريی چێوەگرتنی مێدیايی:**

لەسەر ڕۆشنايی خستنەڕووی بنچينە زانستيەكانی تيۆريی چێوەگرتنی مێدیايی لە شيكاريكردنی ناوەڕۆكی پەيامەكانی پرۆسەی گەياندندا، ئەكرێ بڵێين هۆيەكانی ماس مێديای جەماوەری بە ڕێگەی تەبنيكردنی چوارچێوەيەكی دياريكراوی ناوەڕۆكی مێدیايی لە بارەی كێشەو پرسە جۆراوجۆرە سياسيەكان و دەستبژێرانی سياسيدا، ئەتوانێت هەندێ بيروبۆچوون و واتای وابەستە بەو پرسانە زياتر دەربخات، هەر ئەو بيروبۆچونانەشە تاكەكانی كۆمەڵگە دركی پێدەكەن و كاريگەرييان لە فرەچەشنيی ئەو بيروبۆچونانە هەيە كە هەڵسەنگاندنەكانيان لە بارەی قەيرانە سياسيەكان پێكدەهێنێ بە ڕێگەی سەرنجڕشكێشان يان وورووژاندنی هەندێ واتای جۆراوجۆر. هەڵايسانی قەيرانی سياسی وەك دياردەيەكی دەستكردی نێو كۆمەڵگە دەبێتە هۆی ڕەنگدانەوەی ئيدراك و جوڵانی هەست و سۆزی تاك و كۆمەڵەكان، لە هەمان كاتيشدا ئامرازەكانی بونيەی سياسی لە كۆمەڵگای سەر لەنوێ چالاكتری دەكات، بۆيە چێوەی مێدیايی بە شێوەيەكی ڕاستەوخۆو كارا هاوكارو بەشدارە لە دەستنيشانكردنی ئاستی بڵاوبونەوەو ئاستەكانی هەڵايسانی قەيرانی سياسی وەك ڕەفتارێكی ئاراستەكراوی نێو كۆمەڵگا. لەسەر ڕۆشنايی تيۆريی شيكاريكردنی چێوەی مێدياييدا، ئەم توێژينەوەيە هەوڵ ئەدات سروشتی ئەو خەسڵەتە ديارانەی كە هۆيەكانی سۆشيال مێديای كەناڵە ئاسمانييەكان لە هەرێمی كوردستاندا زياتر لەسەر چڕدەبنەوە لە باسكردنی پرس و كێشە سياسيەكاندا و بە تايبەتی لەم قۆناغەدا كە بە قۆناغی ڕاگوزەری ديموكراتی ناوزەد دەكرێ لە ئەزموونی سياسی هەرێمی كوردستاندا، لەگەڵ دەستنيشانكردنی سروشتی ئەو بيروبۆچوون و واتاو مانا وابەستانەی بە ناوەڕۆكی پەيامەكانی ئەو پێگە ئەلكترۆنيە كۆمەڵايەتييانەو ئاستی كاريگەرێتيان لەسەر هەڵوێستی جەماوەری كوردستان بەرامبەر ئەو پرس و كێشە سياسيانەدا.

**حەوتەم: جۆر و میتۆدی توێژینەوە:**

جۆری ئەم توێژینەوەیە لابوونە بە جۆری توێژینەوە وەسفیەکان و ناخنشیکاری و لێکدانەوەکانە کە ئامانجی هەوڵدانە بۆ زانینی رۆڵی سۆشیال مێدیای تایبەت بە کەناڵە ئاسمانیەکان لە هەرێمی کوردستان لە هەڵایسانی قەیرانی سیاسیداو رەنگدانەوەی لەسەر ئاراستەی فیکری جەماوەر. توێژینەوە وەسفیەکان ئەو جۆرە توێژینەوانەن کە ئامانجی وێناکردن و شیکاریکردن و هەڵسەنگاندنی تایبەتمەندێتیەکانی کۆمەڵەیەکی دیاریکراو یان هەڵوێستێکی دیاریکراوی پەیوەست بە سروشتی دیاردەیەك یان هەڵوێستێك یان کۆمەڵێ بارودۆخ بە مەبەستی وەدەستهێنانی زانیاری پێویست.

ئەو میتۆدەی لەم توێژینەوەدا بەکار هاتووە بریتیە لە میتۆدی رووپێوی " منهج المسح Survey Methodology" وەك شێوازێکی گونجاو بە مەبەستی کۆکردنەوەی زانیاری و خستنەڕووی روونەکان لە وێنایەکدا ئەکرێ سوودی لێ وەرگیرێ.(محمد عبدالحمید، ٢٠٠٠، ص١٦٠) تەوزیفکردنی میتۆدی رووپێوی لەم توێژینەوەدا بریتیە لە رووپێوکردنی ناوەڕۆکی پێگەکانی سۆشیال مێدیای تایبەت بە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لە هەرێمی کوردستاندا لە بارەی رۆڵیان لە چۆنییەتی خستنەڕووی پرس وکێشە سیاسیەکاندا.

**هەشتەم: رێوشوێنی میتۆدیی توێژینەوە:**

**١- کۆمەڵگای توێژینەوە:**

کۆمەڵگای ئەم توێژینەوەیە خۆی دەبینێتەوە لە ناوەڕۆکی پێگەی سۆشیاڵ مێدیای کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان کە ئاراستەی جەماوەری هەرێمی کوردستان دەکرێت، بە رێگەی وەرگرتنی سامپڵێك لەو پێگانەی سوشیال مێدیا کە بریتین لە پەیجی فەرمی (Facebook) ی هەردوو کەناڵی ئاسمانی (Rudaw& NRT)، پاساوی دیاریکردنی ئەم دوو کەناڵە وەك کۆمەڵگای توێژینەوە ئەگەڕێتەوە بۆ دەرەنجامی تاوتوێیەکی ڕووپێویی توێژەر بۆ سەرجەم پێگەکانی کەناڵەکان، دەرەنجام هەردوو پێگەی سۆشیال مێدیای (NRT و Rudaw) زۆرترین سەردانیکەرو هاوبەشیان هەیە.

**٢- سامپڵی توێژینەوە:**

سامپڵی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لەو پۆستانەی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی(Facebook) کە هەردوو کەناڵی ئاسمانی(Rudaw& NRT) لە پەیجی فەرمی خۆیان رۆژانە بڵاوی دەکەنەوە لە ماوەی مانگی یەکەمی ساڵی ٢٠١٨ وەك یەکەم مانگی پلانی وەرزی پەخشی ساڵانە لە هەردوو کەناڵەکەدا کە دەکاتە مانگی کانوونی دووەم، جۆری راکێشانی سامپڵی توێژینەوەکە بە شێوازی سامپڵی دەستکردی مانگیی بەربژێر کراوە.

**٣- ئامرازی کۆکردنەوەی روونەکان:**

توێژەر لە کۆکردنەوەی روونەکانی ئەم توێژینەوەیەداپشتتی بە شیکارینامەی ناوەڕۆك Content Analysis بەستوە و کۆمەڵێ بواری جیاوازی گرتۆتە خۆ لەسەر رۆشنایی ئامانج و وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی توێژینەوەو (بڕگە) وەك یەکەی شیکاریکردنی ناوەڕۆك بەکارهێنراوە. بەمەبەستی دەستەبەرکردنی راست و دروستی روونەکان، توێژەر شیکارینامەی تۆێژینەوەکەی پێشکەش بە کۆمەڵێ هەڵسەنگێنەری ئەکادیمی(*) لە بواری مێدیادا، لەسەر

---

* **ناوی هەڵسەنگێنەران بە پێی ریزبەندی ئەبجەدی:**

١- ی.پ/ د. ئیبراهیم سعید: مامۆستای راگەیاندن- کۆلیجی زانستە مرۆڤایەتییەکان- زانکۆی سلێمانی.

٢- ی.پ/ د. سەلام نسردین: مامۆستای راگەیاندن- کۆلیجی زانستە مرۆڤایەتییەکان- زانکۆی سلێمانی.

٣- ی.پ/ د. بهادین ئەحمەد: مامۆستای راگەیاندن- کۆلیجی تەکنیکی کارگێڕی- زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی.

ڕۆشنایی تێبینی و ئامۆژگارییەکانی هەڵسەنگێنەران دووبارە داڕشتنەوەی بڕگەکانی نێوشیکارینامەکە هەموارکراوەتەوەو ڕاستی و دروستی رووکەش بۆ روونەکان وەدیهێنراوە.

**نۆیەم: پێناسەی چەمکەکانی توێژینەوە:**

**١- سۆشیال مێدیا:**

ئامرازەکانی پەیوەندیکردنی کۆمەڵایەتی یان تۆڕەکانی سۆشیال مێدیا (Social Networks) بریتیە لە کۆمەڵە پێگەیەك (Websites) یان ئاپڵیکەیشنی جۆراوجۆری تایبەت لە دەستەبەرکردنی توانستی بەکارهێنەرانی بەمەبەستی پەیوەندیکردن لە نێو یەکدی بە ڕێگەی دانانی زانیاری، دیدو سەرنج، نامە (Message)، وێنە (فۆتۆ و ڤیدیۆ ...هتد)).(Oxford, 2013. http://oxford )

**٢- پرسی سیاسی:**

بریتیە لە دۆخێك یان گرفتێك کاریگەری لەسەر ڕەهەندی سیاسی کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو بەجێدەهێڵت، کە پێویستە بڕیاری دەستبەجێ و ڕووبەڕوی لەبارەوە وەرگیرێ لە رووی کارگێڕی، یان سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و فەرهەنگی.(السید علیوة، ٢٠٠٢، ص١٣) مەبەست لە پرسی سیاسی لە هەرێمی کوردستان لەم توێژینەوەیەدا، کۆی ئەو بارودۆخە نا جێگیرەی کە کۆمەڵگای کوردی لە ماوەی ئەزمونی سیاسی ٢٨ ساڵی رابردوو بەخۆوە دەیبینێ.

**٣- کەناڵە ئاسمانیە کوردییەکان:**

بریتیە لەو کەناڵە ئاسمانیيانەی کە بەزمانی کوردی خزمەتگوزارییە مێدیایەکان پەخشدەکەن بەڕێگەی مانگە دەستکردەکانی وەك (Nile Sat, Hot Bird, Turk Sat, Lyng Sat) لە لایەن کەرتی تایبەت و حزبی سیاسی کوردی خاوەندارێتی دەکرێن.

**دەیەم: دەرنجامی گشتی توێژینەوە:**

**١- شێوازی بڵاوکردنەوە لە پێگەی سۆشیال مێدیای کەناڵە ئاسمانیەکان:**

خشتەی ژمارە(١) بەراوورد لە نێوان پێگەکان لە رووی(شێوازی بڵاوکردنەوە)

| پێگە / شێوازی بڵاوکردنەوە | NRT | | Rudaw | | کۆی گشتی | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ك | % | ك | % | ك | % |
| دەق | ٦٨ | ٣٠,٥ | ٤٦ | ٣٢,٦ | ١١٤ | ٢٨,٣ |
| فۆتۆگراف | ٣١ | ١٤,٥ | ٢٣ | ١٠,٤ | ٥٦ | ١٢,٣ |
| ڤیدیۆ | ١٢٣ | ٥٥,٢ | ٨٣ | ٥٨,٩ | ٢٠٦ | ٥١,٦ |
| کاریکاتێر | - | - | - | - | - | - |
| دەنگ | ٦ | ٢,٧ | ٢ | ١,٤ | ٨ | ٢,٢ |
| لینك | ٢٦ | ١١,٦ | ١٠ | ٧,١ | ٣٦ | ٦,٦ |
| کۆی گشتی | ٢٥٤ | %١٠٠ | ١٦٢ | %١٠٠ | ٤٢٠ | %١٠٠ |

٤- د. ئەحمەد حەمە غەریب : مامۆستای راگەیاندن- کۆلیجی یاساو رامیاری- زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی.

٥- د. هەژار محمد: مامۆستای راگەیاندن- کۆلیجی تەکنیکی کارگێڕی- زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی.

- له دەرەنجامەکانی خشتەی ژمارە ١ ئەوە روون دەبێتەوە کە شێوازی بڵاوکردنەوە لە پێگەی سۆشیال مێدیای کەناڵە ئاسمانییەکان بە پلەیەی یەکەم شێوازی ڤیدیۆیییە بەڕێژی ٥١,٦%، پاشان شێوازی بڵاوکردنەوەی دەق بە پلەی دووەم و بە ڕێژەی ٢٨,٣% و شێوازی وێنەی فۆتۆگرافی بە پلەی سێیەم و بە ڕێژەی ١٢,٣%، هەرچی شێوازی لینك و فایلی دەنگییە ڕێژەیەکی کەمتریان بەرکەوتوە لە پلەی چوارەم و پێنجەم دێن بە ڕێژەی ٦,٦% و ٢,٢%. شێوازی کاریکاتێریش هیچ ڕێژەیەکی ئاماریی تۆمار نەکردوە وەك شێوازێ بڵاوکردنەوە لە پێگەی سامپڵی توێژینەوەکە.

- بە شێوەیەکی گشتی رووی لێکچوون و هاوبەش لە شێوازی بڵاوکردنەوە بەدی دەکرێ لە نێوان هەردوو پێگەی سۆشیال مێدیای سامپڵی توێژینەوەداو بە جیاوازییەکی کەم بە تایبەتی لە هەر دوو شێوازی ڤیدیۆ دەقدا، وەك دەرکەوتوە ڤیدیۆ لە پێگەی کەناڵی Rudaw ٥٨,٩% ی بەدەست هێناوە بەرامبەر بە ٥٥,٢% بۆ NRT، هەروەها شێوازی دەق بەهەمان شێوە بە جیاوازییەکی کەم لە Rudaw کە ٣٢,٦% ڕێژەکەی زیاتر لە NRT کە ٣٠,٥%. بەڵام رووی جیاوازی لە شێوازی بڵاوکردنەوە لە نێوان هەردوو پێگەی کەناڵەدا لە شێوازی وێنەی فۆتۆگرافی دەردەکەوێت کەNRT بە ڕێژی١٤,٥ % زیاتر لە Rudaw کە ١٠,٤% و پاشان لە شێوازی لینکیشدا بەهەمان شێوە NRT بە ڕێژی ١١,٦% لە Rudaw زیاترە کە ڕێژەی ٧,١% بەدەستهێناوە.

**٢- سروشتی کۆمێنتی ئەندامان لە بارەی بڵاوکراوەکان لە پێگەی سۆشیال مێدیای کەناڵە ئاسمانیەکان.**

خشتەی ژمارە(٢) بەراوورد لە نێوان پێگەکان لە رووی (سروشتی کۆمێنتەکان)

| پێگە / سروشتی کۆمێنتەکان | NRT ك | NRT % | Rudaw ك | Rudaw % | کۆی گشتی ك | کۆی گشتی % |
|---|---|---|---|---|---|---|
| تێڕوانین و بیروبۆچوون | ٢٠١٠ | ٣٤,٧ | ٣١٣٠ | ٤١,٦ | ٥١٤٠ | ٣٧,٢ |
| ئامۆژگاری | ٣٨٦ | ٥,٣ | ٥٦٤ | ٧,١ | ٩٥٠ | ٦ |
| پرسیارکردن | ٢٠٤ | ٢,٧ | ٤٢٣ | ٥,٣ | ٦٢٧ | ٤,٣ |
| جنێودان و ناوزڕاندن | ١٠٩٧ | ١٣,٦ | ٧٩٣ | ١٠,٦ | ١٨٩٠ | ١٢ |
| رەخنە لە ئەدای حکومەت | ٣٢٠٠ | ٤٦,٦ | ٢١٠٣ | ٣٤,٧ | ٥٣٠٣ | ٤٠,٥ |
| کۆی گشتی | ٦٨٩٧ | %١٠٠ | ٧٠١٣ | %١٠٠ | ١٣٩١٠ | %١٠٠ |

- دەرەنجامەکان لە خشتەی ژمارە ٢ تایبەت سروشتی کۆمێنتی ئەندامان لە هەردوو پێگەی سۆشیال مێدیای کەناڵە ئاسمانیەکانی سامپڵی توێژینەوە روون بووەتەوە کە رەخنەگرتن لە ئەدای حکومەت بە پلەی یەکەم دێت بە ڕێژەی ٤٠,٥%، پاشان تێڕوانین و بیربۆچوونی ئەندامان بە پلەی دووەم هاتوە کە ڕێژەکەی ٣٧,٢%، پاشان جنێودان و ناوزڕاندن بە پلەی سێیەم یەکێکە لە سروشتی کۆمێنتی ئەندامان لە هەردوو پێگەی کەناڵی Rudaw و NRT کە ڕێژەکەی ١٢%، هەرچی (ئامۆژگاری و پرسیارکردنە) بە ڕێژەیەکی کەم سروشتی کۆمێنتیان لە هەردوو پێگەی کەناڵە بەرکەوتووە کە دەکاتە ٦% و ٤,٣%.

- روونەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە رووی جیاوازی لە نێوان سروشتی کۆمێنتی ئەندامان لە هەردوو پێگەی سۆشیال مێدیای تایبەت بە کەناڵە ئاسمانییەکان زیاترە لە رووی هاوبەشی و لێکچوون، سەبارەت بە کۆمێنتی (رەخنە لە ئەدای حکومەت) کە یەکەمین پلەی بەدەستهێناوە لە پێگەی کەناڵی NRT زیاترە کە بەڕێژەی ٤٦,٦% هاتووە بەڵام لە پێگەی کەناڵی Rudaw بە ڕێژەی ٣٤,٧% هاتووە، بەڵام بە پێچەوانە کۆمێنتی (تێڕوانین و بیربۆچوون) لە پێگەی کەناڵی Rudaw بە ڕێژەی ٤١,٦% بەرامبەر بە ڕێژەی ٣٤,٧% ی پێگەی کەناڵی NRT زیاترە، کەچی لە کۆمێنتی

(جنێودان و ناوزڕاندن)دا جیاوازییەکی کەم بەدیدەکرێت و ڕێژەی زۆر بەر پێگەی کەناڵی NRT کە دەکاتە ١٣,٦% بەرامبەر بە ١٠,٦% بۆ پێگەی کەناڵی Rudaw.

**٣- جۆری بابەتەکانی پێگەی سۆشیال مێدیای کەناڵە ئاسمانیەکان:**

خشتەی ژمارە(٣) بەراوورد لە نێوان پێگەکان لە ڕووی جۆری بابەت

| پێگە / بابەتەکان | Nrt | | Rudaw | | کۆی گشتی | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ك | % | ك | % | ك | % |
| سیاسی | ٣٦٥ | ٢٦,٨ | ٣٣٨ | ١٦,٧ | ٧٠٣ | ٢٨,٣ |
| کۆمەڵایەتی | ٢٢٩ | ١٦,٦ | ١٦٧ | ١٢,٨ | ٣٩٦ | ١٧ |
| ئابووری | ٨٧ | ١٠,٥ | ٢٥٣ | ١٨,٣ | ٣٤٠ | ١٨,٣ |
| مەدەنی | ١٧٧ | ١٣,٨ | ١٠٣ | ١١,٦ | ٢٨٠ | ١٣,٧ |
| کەلتووری | ١٠٢ | ١٠,٣ | ١٧٣ | ١٢,٦ | ٢٧٥ | ١٤,٢ |
| ئاینیی | ١٠ | ٢,٣ | ٢٨ | ٤,٤ | ٣٨ | ٨,٤ |
| کۆی گشتی | ٩٧٠ | %١٠٠ | ١٠٦٢ | %١٠٠ | ٢٠٣٢ | %١٠٠ |

ڕوونەکانی خشتەی ژمارە ٣ ی تایبەت بە جۆری بابەتەکانی پێگەی سۆشیال مێدیای کەناڵە ئاسمانییەکانی سامپڵی توێژینەوەکە ئاماژە بە کۆمەڵێ دەرەنجام ئەکەن کە بریتی بە لە:

- پرس و کێشەی سیاسی لە پێگەی سۆشیال مێدیای کەناڵە ئاسمانییەکان پلەی یەکەمی داگیر کردووە بە ڕێژەی ٢٨,٣%، پاشان بە بابەتی ئابووری بە پلەی دووەم دێت بە ڕێژەی ١٨,٣%، لە پلەی سێیەمیشدا بابەتە کۆمەڵایەتیەکان بە ڕێژەی ١٧% هاتووە، هەرچی بابەتە کلتوورییەکانە لە ریزبەندی چوارەم بە ڕێژەی ١٤,٢% جێی باسی پێگەی سۆشیال مێدیای کەناڵە ئاسمانییەکانە و پاشان بابەتە مەدەنییەکان لە پلەی پێنچەم بە ڕێژەی ١٣,٧% لە پێش کۆتایی هاتووە، دوا پلەش کە جێگەی بابەتی ئەو پێگانەیە بابەتە ئاینیەکانە بە ڕێژەی ٨,٤% هاتووە.
- بە شێوەیەکی بەرچاو ڕووی جیاوازی لە نێوان هەردوو پێگەی سۆشیال مێدیای کەناڵی ئاسمانی NRT و Rudaw بەدیدەکرێت، پێگەی کەناڵی ئاسمانی NTR لە باسکردنی بابەتە سیاسیەکان لە پێگەی Rudaw زیاترە کە ٢٦,٨% بەرامبەر بە ١٦,٧% هاتووە، کەچی لە باسکردنی بابەتی ئابووری بە پێچەوانەوە، پێگەی سۆشیاڵ مێدیای کەناڵی Rudaw زیاتر باس لە بابەتی ئابووری دەکات بە ڕێژەی ١٨,٣% بەرامبەر بە ١٠,٥% بۆ پێگەی سۆشیال مێدیای کەناڵی NRTدا، بەهەمان شێوە لە باسکردنی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان ڕووی جیاوازی لە نێوان هەردوو پێگەدا بەدیدەکرێت کە NRT بەرێژەی ١٦,٦% باس لە بابەتی کۆمەڵایەتی دەکات بەرامبەر بە ١٢,٨% بۆ Rudaw، بەڵام ڕووی جیاوازی لە باسکردنی بابەتە کلتووریەکان لە نێوان هەردوو پێگەدا جیاوازییەکی ئەوتۆیان نیە چونکە Rudaw بە ڕێژەی ١٢,٦% باس لە بابەتی کلتووری دەکات بەرامبەر بە ١٠,٣% بۆ NRT، هەروەها لە باسکردنی بابەتە مەدەنییەکانیش ڕووی جیاوازای نێوان هەردوو پێگە زۆر نیە، چونکە NRT بەریژەی ١٣,٨% باس لە بابەتی مەدەنی دەکات بەرامبەر بە ١١,٦% بۆ پێگەی کەناڵی Rudaw.

## ٤- ناوەڕۆكی بابەتە سیاسیەكان كە پێگەی سۆشیال مێدیای كەناڵەكان باسكراون:

خشتەی ژمارە(٤) بەراوورد لەنێوان پێگەکان لەرووی ناوەڕۆکی بابەتە سیاسیەکان

| پێگە / ناوەڕۆك | NRT | | Rudaw | | کۆی گشتی | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ك | % | ك | % | ك | % |
| چاكسازی سیاسی | ٤٦ | ٧,٣ | ٢٩ | ٦,٣ | ٧٥ | ٧,٦ |
| بایکۆت | ٤١ | ١٠,٤ | ٢٧ | ٦,٥ | ٦٨ | ٨ |
| خۆپیشاندانی جەماوەری | ١٠٨ | ٢٠,٧ | ٥٦ | ١٤,٨ | ١٦٤ | ١٧,٥ |
| دەستگیرکردن | ٣١ | ٤,٩ | ١١ | ١,٨ | ٤٢ | ٦,٥ |
| توندوتیژی ژنان | ٧ | ١,١ | ٣ | ٠,٥ | ١٠ | ١,٣ |
| ئازادی بیروڕا دەربڕین | ٣١ | ٤,٩ | ٨ | ١,٤ | ٣٩ | ٤ |
| گەندەڵی | ١٣٠ | ٢١ | ٥٣ | ١٧,٢ | ١٨٣ | ١٨,٥ |
| ئازادی ڕۆژنامەگەری | ٣٧ | ٦,٤ | ١١ | ١,٨ | ٤٨ | ٤,٧ |
| سەروەری یاسا | ٣٥ | ٧,٣ | ٨ | ١,٣ | ٤٣ | ٦,٢ |
| سەرپێچیکردن | - | - | - | - | - | - |
| گرفتی خزمەتگوزاری | ٤٠ | ٧,٨ | ٢٨ | ٦,٣ | ٦٨ | ٦,٩ |
| گرفتی مووچە | ٧٣ | ١١,٦ | ٤٠ | ٩,٧ | ١١٣ | ١١,٥ |
| ململانێی سیاسی | ٧١ | ١١,٤ | ٢١ | ٥,٤ | ٩٢ | ٧,٦ |
| کۆی گشتی | ٦٥٠ | %١٠٠ | ٢٩٣ | %١٠٠ | ٩٤٣ | %١٠٠ |

- روونەكانی خشتەی ژمارە ٤ كە تایبەتە بە جۆری ناوەڕۆكی ئەو بابەتە سیاسیانەی لە پێگەی سۆشیال مێدیای كەناڵە ئاسمانییەكانی سامپڵی توێژینەوەكە ئاماژە بەوە دەكەن كە بابەتی (گەندەڵی) یەكەمین پرسی سیاسی نێو پێگەكانی سۆشیال مێدیای داگیر كردوەو بە پلەی یەكەم دێت بە ڕێژەی ١٨,٥% بە واقعی (١٨٣) چەندبارە لە هەردوو پێگەی كەناڵی سامپڵەكە، پاشان بابەتی (خۆپیشاندانی جەماوەری) بە ڕێژەی ١٧,٥% پلەی دووەمی لە نێو پێگەكانی سۆشیال داگیركردووە، ئەمەش ئەو ڕاستیە رووندەكاتە كە زەمەنی راكێشانی سامپڵی توێژینەوەكە هاوكاتە لەگەڵ ناڕەزاییەكانی شەقام سەبارەت بە قەیرانی مووچە و خزمەتگوزاریی، پاشان بابەتی (گرفتی مووچە) بە پلەی سێیەم دێت بەڕێژەی ١١,٥% ، لە دوای ئەم سێ بابەتە كە پرسی هەرە یەكەمی پێگەی سۆسیال مێدیای كەناڵە ئاسمانیەكانە، دوای ئەم پرسانە تەواوی بابەتەكانی دیكە بە ڕێژەی كەمتر جێی باسی پرسە سیاسیەكان بووە، وەك روونە لە پلەی چوارەم بابەتی (بایكۆت) بەڕێژی ٨% لە ریزبەندی پرسە سیاسیەكانە، پاشان هەردوو بابەتی (چاكسازی سیاسی) و (ململانێی سیاسی) بەرێژەیەكی هاوبەش ٧,٦% لە پلەی پێنجەم و شەشەمدا هاتوون، بەهەمان شێوە هەرسێ بابەتی (گرفتی خزمەتگوزاری) و (دەستگیركردن) و (سەروەری یاسا) بە جیاوازی پۆینت لە یەك ڕێژەی هاوبەشدان ٦,٩% ، ٦,٥% ، ٦,٢% لە پلەی حەوتەم و هەشتەم و نۆیەمدا هاتوون، هەرچی پەیوەندی بە پرسی (ئازادی رۆژنامەگەری) و (ئازادی بیروڕادەربڕین) بە ڕێژەیەكی زۆر كەم جێی پرس وبابەتەكانی پێگەی سۆشیال مێدیای كەناڵە ئاسمانیەكان بوون لە پلەی دەیەم و یازدەیەم هاتوون بە ڕێژەی ٤,٧% و ٤%، كۆتا پرس لە دوا پلەدا هاتووە پرسی توندوتیژی ژنانە بەڕێژەی ١,٣% جێی باسی پێگەی سۆشیال مێدیای كەناڵە ئاسمانیەكان بووە.

- به شێوەیەکی گشتی و روون لە خشتەی ژمارە ٤ی تایبەت بە جۆری بابەتە سیاسیەکانی نێو پێگەی سۆشیال مێدیای کەناڵە ئاسمانیەکان لە هەرێمی کوردستاندا، سەرباری ئەولەوییەت دان بە پرس وبابەتە سیاسیەکان بەگشتی لەلایەن پێگەی کەناڵەکان، بەڵام رووی جیاوازی لە هەندێ بابەت وپرسی سیاسیدا بەدیدەکرێ لە نێوانیاندا ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ سیاسەتی گوتاری مێدیایی هەواڵسازیی خودی خاوەن پێگەکان، ئەگەر چی لە پرسی (گەندەڵی)دا جیاوازییەکی ئەوتۆ بەدیناکرێت و پێگەی کەناڵی NRT بەرێژەیەکی کەم زیاتر گرنگی بە پرسەکە داوە بەرێژەی ٢١% بەرامبەر بە رێژەی ١٧,٢% بۆ پێگەی کەناڵی Rudaw، بەڵام لە بابەتی (خۆپیشاندنی جەماوەری)دا جیاوازییەکی بەرچاو بەیدەکرێت لەنێوان پێگەی هەردوو کەناڵەکەداو رێژەی زیاتر بەر پێگەی کەناڵی NRTدەکەوێت بە رێژەی ٢٠,٧% بە واقیعی (٢٠٧) چەندبارە لە ماوەی زەمەنی سامپڵی توێژینەوەکەدا، لە بەرامبەردا پێگەی سوشیال مێدیای کەناڵی Rudaw لە ١٤,٨% و بە واقیعی (٥٣) چەندبارە گرنگی داوە بە بابەتی خۆپیشاندانی جەماوەری. بەهەمان شێوە لە بابەتی (گرفتی مووچە)دا پێگەی کەناڵی NRTبەرێژەیەکی کەم پێش کەناڵی Rudaw کەوتووە کە ١١,٦% بەرامبەر بە ٩,٧%. بەهەمان شێوە پێگەی کەناڵی NRT لە باسکردنی بابەتی (بایکۆت)دا رێژەکەی زیاترە لە Rudaw کە ١٠,٤% بەرامبەر ٦,٥% . رووی جیاوازی لە ئەولەوییەتی بابەتە سیاسیەکانی نێوان پێگەی کەناڵە ئاسمانیەکان بەهەمان شێوە لە بابەتەکانی وەك (ململانێی سیاسی) و ( سەروەری یاسا) و دەستگیرکردن) و ( ئازادی رۆژنامەگەری) دەردەکەوێت، بەڵام لە پرسەکانی وەك (چاکسازی سیاسی) و (گرفتی خزمەتگوزاری) و (توندوتیژی ژنان) دا جیاوازییەکی زۆر کەم بە دیدەکرێت.

- بەشێوەیەکی گشتی وەك لە روونەکانی خشتەی ژمارە ٤ دەرکەوتوون، رووی جیاوازی لە نێوان پێگەی هەردوو کەناڵی سامپڵی توێژینەوەکەدا لە ئەولەوییەتدان بە پرس و بابەتە سیاسیەکاندا بە رێژەی زیاتر بۆ بەرژەوەندی پێگەی سوشیال مێدیای کەناڵی NRT دایە.

**٥- تەوەرەکانی مامەڵەی مێدیایی بۆ بابەتە سیاسیەکانی پێگەی سۆشیال مێدیای کەناڵە ئاسمانیەکان:**

خشتەی ژمارە(٥) بەراوورد لە نێوان پێگەکان لە رووی (تەوەرەکانی مامەڵەی مێدیایی بۆ بابەتەکان)

| پێگە / مامەڵەی مێدیایی | NRT | | Rudaw | | کۆی گشتی | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ك | % | ك | % | ك | % |
| سیاسی | ١٢٣ | ٢٨,٢ | ٤٤ | ١٨,٧ | ١٦٧ | ٢٦,٣ |
| یاسایی | ٤٤ | ١٤,١ | ٣١ | ١١,٥ | ٧٥ | ١٥,٨ |
| سۆزداریی | ٥٦ | ١٨ | ٤٢ | ٢١,٨ | ٩٨ | ٢٣,٤ |
| ئاینیی | ٥ | ٢,٦ | ١٤ | ٤,٥ | ١٩ | ٣,٨ |
| ئابووری | ١٦ | ٨,٣ | ٢٩ | ٩,٣ | ٤٥ | ١٤ |
| تێکەڵ | ٢٥ | ٨ | ٥٠ | ٢٥,٩ | ٧٥ | ١٦,٨ |
| کۆی گشتی | ٢٦٩ | ١٠٠% | ٢١٠ | ١٠٠% | ٤٧٩ | ١٠٠% |

- لە روونەکانی خشتەی ژمارە ٥ کە تایبەتە بە چۆنییەتی مامەڵەی مێدیایی بۆ پرس و بابەتە سیاسیەکانی پێگەی سۆشیال مێدیای کەناڵە ئاسمانیەکان، ئەوە روون دەبێتەوە کە مامەڵەی مێدیایی بۆ چارەسەرکردنی بابەت و کێشەکان مامەڵەیەکی (سیاسی)یە و بە پلەی یەکەم هاتووەو رێژەی ٢٦,٣%ی داگیرکردوە، پاشان مامەڵەی مێدیایی (سۆزداری) بە پلەی دووەم دێت بەرێژەی ٢٣,٤% ئەم دوو رێژەیەش ئاماژەن بۆ پابەند نەبوون بە پێوەرە پیشەیی و

ئێتیکیەکانی کاری ڕۆژنامەگەریی و مێدیایی لە چۆنییەتی مامەڵەکردن لە گەڵ پرس و کێشە سیاسیەکاندا وەك بابەتیی بوون، ووردبینی، هاوسەنگی، ڕاستگۆیی. مامەڵەی مێدیایی (تێکەڵ) بە ڕێژەی ١٦،٨% بە پلەی سێیەم دێت لە چارەسەرکردنی پرس و کێشە سیاسیەکاندا، ئەم ڕێژەیەش ئەوە دەردەخات کە سیاسەتی هەواڵسازیی کەناڵە ئاسمانییەکان ئەجێندایەکی روون و ستانداریان وەك ڕێکارێك بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ پیشەی ڕۆژنامەگەری بەرپرسیارێتی. مامەڵەی (یاسایی) بە پلەی چوارەم و بە ڕێژەی ١٥،٨% هاتووەو مامەڵەی (ئابووری) لە پلەی پێنجەم بە ڕێژەی ١٤% و کۆتا مامەڵەی مێدیایی بۆ پرس و بابەتە سیاسیەکان لە ئەجێندانی کاری مێدیایی پێگەی کەناڵە ئاسمانیەکاندا مامەڵەی (ئاینیی)یە لە دوا ریزبەند بە پلەی شەشەم و بە ڕێژەی ٣،٨% کاری پێکراوە.

- سەبارەت بە رووی لێکچوون و جیاوازی نێوان پێگەی سوشیال مێدیای کەناڵە ئاسمانیەکانی جێ تاوتوێی توێژینەوەکە لە چۆنییەتی مامەڵەکردنی مێدیاییان لە گەڵ پرس و کێشە سیاسیەکاندا دەردەکەوێت جیاوازییەکی بەرچاو هەیە لە مامەڵەی مێدیایی بە شێوەی سیاسیانە لە نێوان هەردوو پێگەی کەناڵی NRT و Rudaw دا کە ڕێژەی زیاتر بەر کەناڵی NRT دەکەوێت بە ڕێژەی ٢٨،٢% بەرامبەر بە ١٨،٧%، لە مامەڵەی مێدیایی (سۆزداری)دا جیاوازییەکە کەمترەو بەڵام ڕێژەی زیاتر بەر پێگەی سۆشیال مێدیای کەناڵی Rudawدەکەوێت بە ڕێژەی ٢١،٨% بەرامبەر بە ڕێژەی ١٨% بۆ پێگەی کەناڵی NRT، گەورەترین ڕێژەی جیاوازی لە چۆنییەتی مامەڵەکردنی مێدیایی لەگەڵ پرس وکێشە سیاسیەکان لە سۆشیال مێدیای کەناڵە ئاسمانیەکاندا لە مامەڵەی (تێکەڵ) بەدیدەکرێت و ڕێژەی زیاتر بەر پێگەی کەناڵی Rudaw دەکەوێت کە ٢٥،٩% بەرامبەر بە ڕێژەی ٨% بۆ کەناڵی NRT، بەڵام لە مامەڵەی مێدیایی (ئابووری)دا ڕێژەی جیاوازییەکە لە نێوان هەردوو پێگەی کەناڵەکان زۆر کەمەو بە یەك نمرە کەناڵی Rudaw لە کەناڵی NRT زیاترە کە دەکاتە ٩،٣% بەرامبەر بە ٨،٣%.

**٥- شێوازی خستەڕووی بابەتە سیاسیەکان لەسەر پێگەی سۆشیال مێدیای کەناڵە ئاسمانیەکان:**

خشتەی ژمارە(٦) بەراوورد لە نێوان پێگەکان لە رووی جۆری(شێوازی خستنەڕووی بابەتە سیاسیەکان)

| پێگە / شێوازی خستنەڕوو | NRT | | Rudaw | | کۆی گشتی | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ك | % | ك | % | ك | % |
| شێوازی زمانی ڕەشۆکی سادە | ٢٨٠ | ٢٠،٣ | ١٣١ | ١٧،٧ | ٤١١ | ٦،٤ |
| شێوازی ئاڵۆز | ٩٧ | ٧،٦ | ٦٧ | ٥،٢ | ١٦٤ | ١٦،٤ |
| زمانی ڕەشۆکی تێکەڵ بە زمانی سادە | ٣١٠ | ٣٨،٧ | ٨٨ | ٢٦،٩ | ٣٩٨ | ٢٧،٦ |
| شێوازی پشتبەستراو بە واقیع | ١٧٥ | ١٢،٧ | ١٤٧ | ١٠،٤ | ٣٢٢ | ١١،٣ |
| شێوازی سەرنجڕاکێش پشتبەستراو بە کارتێکی دەنگی و ڤیدیۆیی | ٢١٣ | ٥٠،٢ | ١١٤ | ٣٩،٨ | ٣٢٧ | ٣٨،٣ |
| کۆی گشتی | ١٠٧٥ | %١٠٠ | ٥٤٧ | %١٠٠ | ١٦٢٢ | %١٠٠ |

- لە روونەکانی خشتەی ژمارە ٦ دا کە تایبەتە بە شێوازی خستنەڕووی بابەتە سیاسیەکان لە پێگەی سۆشیال مێدیای کەناڵە ئاسمانیەکانی سامپڵی توێژینەوەکە دەردەکەوێت شێوازی (سەرنجڕاکێش پشتبەستراو بە کارتێکە دەنگیی و ڤیدیۆییەکان) بە ڕێژەی ٣٨،٣% لە پلەی یەکەم لە پێش هەموو شێوازەکانی دیکەدایە، پاشان شێوازی (زمانی رەشۆکی تێکەڵ بە زمانی ستاندارد) بە پلەی دووەم دێت و ڕێژەی ٢٧،٦% بەدەستهێناوەو شێوازی (ئاڵۆز) بە ڕێژەی ١٦،٤% بە پلەی سێیەم دێت، شێوازی (پشتبەستراو بە واقیع) لە پلەی چوارەم ڕێژەی ١١،٣% بەدەسهێناوەو لە دوا پلەشدا شێوازی (زمانی رەشۆکیی سادە)یە و پلەیەکی نزمی بەدەستهێناوە کە دەکاتە ٦،٤%.

- ڕێژەی جیاوازی بەرچاوو لە نێوان هەردوو پێگەی سۆشیال مێدیای کەناڵی سامپڵی توێژینەوەکە لە بەکارهێنانی شێوازی خستنەڕووی بابەتە سیاسیەکاندا بەدیدەکرێت، وەك لە خشتەکەدا روون بووەتەوە ڕێژەی بەکارهێنانی شێوازی (سەرنجڕاکێش پشتبەستراو بەکارتێکە دەنگیی و ڤیدیۆییەکان) لە پێگەی کەناڵی NRT ٥٠,٢% کەچی لە پێگەی کەناڵی Rudaw ٣٩,٨%، بەهەمان شێوە لە شێوازی (زمانیرەشۆکیتێکەڵبەزمانیستاندارد) ڕێژەی پێگەی کەناڵی NRT زیاترەو دەکاتە ٣٨,٧% بەڵام لە کەناڵی Rudawدا ڕێژەی ٢٦,٩% بەدەستهێناوە، بەڵام لە بەکارهێنانی شێوازی (ئاڵۆز)دا جیاوازییەکە ئەوتۆ نیەو NRT بەرێژەی ٧,٦% بەرامبەر بە ٥,٢% بۆ Rudaw زیاترە، هەروەها لە جیاوازی لە بەکارهێنانی شێوازی (پشتبەستراو بە واقیع) بە هەمان شێوازی (ئاڵۆز) جیاوازییەکە کەمترەو پێگەی NRT ١٢,٧% بەرامبەر بە ١٠,٤% بۆ پێگەی Rudaw.

**گرنگترین دەرەنجامەکانی توێژینەوە:**

ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە کە خۆی لە ناساندنی چۆنییەتی مامەڵەی مێدیایی سۆشیاڵ مێدیای کەناڵە ئاسمانیەکان لە خستنەڕووی پرسە سیاسیەکانی هەرێمی کوردستاندا دەبینێتەوە، بۆیە تۆێژەر لە کۆتایی ئەم توێژینەوەدا لەسەر ڕۆشنایی ئامانجی سەرەکی توێژینەوەکە تاوتوێی دەرەنجامەکان دەکات و گرنگترینیان دەخاتە ڕوو:

١- ڕوونەکانی توێژینەوەی ناخنشیکاریی ئاماژە بەوە دەکەن کە شێوازی بڵاوکردنەوەی ڤیدیۆیی لە پێگەی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان بۆ خستنەڕووی پرس و کێشە سیاسیەکان بە پلەی یەکەم پشتی پێبەستراوە بە رێژەی ٥١,٦%، ئەم ڕێژەیەش سەلماندنی ئەو ئاراستە تیۆرەییە کە باس لە خەسڵەتی کارلێکی ماڵتی مێدیا دەکات لە سۆشیال مێدیادا کە هەموو ڕەگەزەکانی دەق و وێنەو دەنگ لەخۆ دەگرێ(http://outthinkgroup,2013).پاشان شێوازی بڵاوکردنەوەی دەق بەپلەی دووەم بەرێژەی ٢٨,٣% وشێوازی وێنەی فۆتۆگرافی بەپلەی سێیەم بەرێژەی ١٢,٣%.

٢- لە بارەی سروشتی کۆمێنتی ئەندامان لە بارەی بڵاوکراوەکان لە پێگەی سۆشیال مێدیای کەناڵە ئاسمانیەکان دەرەنجامی ناخنشیکاریی توێژینەوەکە ئەوەی دەرخست کۆمێنتی (ڕەخنەگرتن لە ئەدای حکومەت) بەرێژەی ٤٠,٥% بە پلەی یەکەم زۆرترین ڕێژەی بەدەستهێنا، ئەم ڕێژەیەش بۆ جۆری ئەم سروشتی کۆمێنتانە ئەگەڕێتەوە بۆ ئەو رووبەرە ئازادییەی کە سۆشیال مێدیا بۆ هاوبەشانی فەراهەمی دەکات بێ هیچ سانسۆرێك، پاشان کۆمێنتی (تێڕوانین و بیروبۆچوون) بە پلەی دووەم و بە ڕێژەی ٣٧,٢% ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ لایەنی ئەرێنی بەکارهێنانی سۆشیال مێدیا لە گۆڕینەوەی بیروڕا و دەربڕینی بیروڕا بە ئازادانە، کۆمێنتی (جنێودان و ناوزڕاندن) بەرێژەی ١٢% پلەی سێیەمی بەدەستهێناوە، ئەمەش ڕێژەیەکی مەترسیدارە لە دەرخستنی خراپ بەکارهێنانی ئامرازەکانی سۆشیال مێدیا لە بڵاوکردنەوەی ئاراستەی توندوتیژی پێشێلکردنی مافی کەسایەتی و دامەزراوکان.

٣- ڕوونەکانی ناخنشیکاریی توێژینەوە ئاماژە دەکەن کە ئەولەوییەتی ناوەڕۆکی بابەتە سیاسیەکان لە پێگەی سۆشیال مێدیای کەناڵە ئاسمانییەکان لە هەرێمی کوردستاندا بە پلەی یەکەم باس لە گرفتی (گەندەڵی) دەکەن بە ڕێژەی ١٨,٥%، پاشان بابەتی (خۆپیشاندانی جەماوەری) بەرێژەی ١٧,٥% بە پلەی دووەم، پاشان (گرفتی مووچە) بە ڕێژەی ١١,٥% لە پلەی سێیەمداو بابەتی (بایکۆت) بە ڕێژەی ٨% لە پلەی چوارەمدا، سەرباری هاوکاتیی دەستنیشانکردنی سامپڵی توێژینەوەکە لەگەڵ شەپۆلی ناڕەزایی شەقامدا، بەدەستهێنانی ڕێژەی ئەم پرس و بابەتە سیاسیانە بەڵگەی ئەو تێڕوانینەن کە تیۆری Agenda Setting ئاماژەی پێدەکات لە هەڵاوێردکردنی ئامرازەکانی ماس مێدیا بۆ ئەو بابەتانەی کە جێگەی گرنگیپێدانن لەلایەن جەماوەرەوە، بۆیە هەڵسوڕێنەرانی پرۆسەیگەیاندن تەنها

فۆکەس دەخەنە سەر ئەو بابەتانەی کە لە نێوکۆی پرس وبابەتە گشتیەکان هەڵاوێردی دەکەن وناوەرۆکی ئەو بابەتانە دەردەخەن، دەرەنجام ئەو بابەتە دەسنیشانکراوانە دەبێتە ئەولەوییەتی بیرکردنەوەی جەماوەر لە پاش وورۆژاندنیان بە شێوەیەکی پلەبەندی(خالد الكسواني، ٢٠٠٩، ص١٧).

٤- دەرەنجامی روونەکانی تایبەت بە تەوەرەکانی مامەڵەی مێدیایی بۆ بابەتە سیاسیەکانی پێگەی سۆشیال مێدیای کەناڵە ئاسمانیەکان لە هەرێمی کوردستان ئاماژە بەوە دەکەن کە مامەڵەی مێدیایی بۆ چارەسەری پرسەکان بەرێژەی ٢٦,٣% سیاسیانەیە، پاشان مامەڵەی مێدیایی (سۆزداری) بە پلەی دووەم هاتووە بە رێژەی ٢٣,٤% ئەمەش ئاماژەیەکی نەرێنیانەیە بۆ مامەڵەی مێدیایی لەگەڵ پرس و بابەتە چارەنووسسازییەکان دوورە لە مامەڵەی بابەتیبوون و هاوسەنگی لە کاری رۆژنامەگەری لە هەرێمی کوردستاندا، مامەڵەی مێدیایی (تێکەڵ) بە پلەی سێیەم هاتووە رێژەی ١٦,٨% بەدەستهێناوە.

٥- دەرەنجامی روونەکانی تایبەت بە شێوازی خستەڕووی بابەتە سیاسیەکان لەسەر پێگەی سۆشیال مێدیای کەناڵە ئاسمانیەکان ئەوە روونده‌کەنەوە کە تەکنیکی (سەرەنجراکێشی پشتبەستراو بە کارتێکی دەنگی و ڤیدیۆیی) یەکەمین شێوازە لە خستەنەڕووی بابەتە سیاسیەکان و رێژەی ٣٨,٣% بەدەستهێناوە، پاشان شێوازی بەکارهێنانی (زمانی رەشۆکی تێکەڵ بە زمانی ستانداری کوردی) بە پلەی دووەم رێژەی ٢٧,٦% بەدەستهێناوەو شێوازی بە کارهێنانی (زمانی رەشۆکی سادە) لە پلەی سێیەمدا رێژەی ١١,٣% بەدەست هێناوە.

**راسپاردەکانی توێژینەوە:**

توێژەر لە دوای تاوتوێکردنی دەرهاویشتەو دەرەنجامەکانی ئەم توێژینەوە ناخنشیکارییەدا ، کۆمەڵێ راسپاردەی زانستی پێشکەش بە توێژەران و هەڵسورێنەرانی پرۆسەی گەیاندن دەکات بە تایبەت خاوەن دامەزراوە مێدیاییەکان لە هەرێمی کوردستان کە پێگەی سۆشیاڵ مێدیای فەرمیان هەیە:

١- توێژینەوە خاوەن پێگەی سۆشیال مێدیای کەناڵە ئاسمانییەکان لە هەرێمی کوردستان لە زەرورەتی فۆکەسکردن لەسەر کاریگەری پرس و کێشە سیاسیەکان لەسەر تەواوی بوارەکانی ژیان بە هاوسەنگی و بابەتییانە رادەسپێرێ.

٢- توێژینەوە خاوەن پێگەی سۆشیال مێدیای کەناڵە ئاسمانییەکان لە هەرێمی کوردستان رادەسپێرێ لە گرنگی تەبەنیکردنی ئاراستەی بەرهەڵستکار بەمەبەستی بەردەوامی و خۆگونجاندن لە گەڵ تەواوی قەیرانە سیاسیەکان دوور لە ئاراستەی بە سیاسیکردن بۆ ئایدۆلۆژیایەکی دیاریکراو تاوەکو کاریگەری نەرێنی لەسەر رووماڵکردنی پیشەییانە نەبێت.

٣- توێژینەوە خاوەن پێگەی سۆشیال مێدیای کەناڵە ئاسمانییەکان لە هەرێمی کوردستان رادەسپێرێ لە گرنگیدان بە شێوازی خستنەڕووی لێکدانەوەو شیکاریکردن لە کاتی رووماڵکردنی پرس و بابەتە سیاسیەکاندا، نەك تەنها پشتبەستن بە یەك شێوازی مامەڵەی مێدیایی.

٤- توێژینەوە خاوەن پێگەی سۆشیال مێدیای کەناڵە ئاسمانییەکان لەهەرێمی کوردستان رادەسپێرێ کە هەر پێگەیەکی سۆشیاڵ مێدیا لە دامەزراوە مێدیاییەکان راگەیاندنکار و کادێری تایبەتمەندو مەشق پێکراوی هەبێت لە بارەی سیاسەتی هەواڵسازیی و خزمەتگوزارییە جۆراوجۆرەکانی ماڵتی مێدیاو هونەرەکانی سازاندنی دەنگ و رەنگ کە تایبەتن بە سیاسەتی پەخش وبڵاوکردنەوە لە پێگەکانی سۆشیال مێدیای ئەلکترۆنی.

**سەرچاوەکانی توێژینەوە:**

**سەرچاوە عەرەبییەکان:**


١- أحمد زكريا أحمد، نظريات الإعلام مدخل لاهتمامات وسائل الإعلام وجمهورها، المكتبةالعصرية للنشر والتوزيع، مصر،المنصورة، ٢٠٠٩.

٢-   جمال سند السويدي، وسائل التواصل الاجتماعي ودورها في التحولات المستقبلية: من القبيلة إلى الفيسبوك، مركز الامارات للدراسات والبحوث، الطبعة الرابعة، ٢٠١٣، النسخة الالكترونية ISBN 978-9948-14-635- 3.

٣-   حسن عماد مكاوي، ليلى حسين السيد،الاتصال ونظرياته المعاصرة، الدار المصرية اللبنانية، القاهرة،ط٧، ٢٠٠٨.

٤-   حنان الكسواني، دور الصحافة الأردنية اليومية فى التوعية الصحية: دراسة تحليل المضمون، رسالة ماجستير غير منشورة،عمان: جامعة الشرق الأوسط، ٢٠٠٩.

٥-   رباب عبدالرحمن هاشم خليفة، المعالجة التليفزيونية والصحفية لقضايا الإصلاح السياسي في المجتمع المصري ودورها في تشكيل معارف الجمهور واتجاهاته نحوها، رسالة ماجستير، جامعة القاهرة، كلية الإعلام، ٢٠٠٨.

٦-   رضا عكاشة ، تأثيرات وسائل الإعلام، المكتبة العالمية للنشر والتوزيع، القاهرة: ط٢، ٢٠٠٩.

٧-   رضوان قطبي، شبكات التواصل الاجتماعي والحراك السياسي بالمغرب: دراسة ميدانية، مجلة الدراسات الاعلامية: المركز الديمقراطي العربي- العدد الأول، يناير ٢٠١٨.

٨-   السيد عليوة، ادارة الازمات والكوارث- مخاطر العولمة والارهاب الدولي، القاهرة: دار الامين للنشر والتوزيع، ط٢، ٢٠٠٢.

٩-   عادل عبدالصادق، الفضاء الالكتروني فى موجات التغيير في العالم العربي: دراسة في المحلي والعالمية، المركز العربي لأبحاث الفضاء الالكتروني،يناير ٢٠١٥.

١٠-   على خالد صلاح الدين حسن، دور التليفزيون والصحف فى تشكيل معلومات واتجاهات الجمهور نحو القضايا الخارجية،رسالة دكتوراه غير منشورة، جامعة القاهرة، قسم الاعلام،٢٠٠١.

١١-   محمد بن هلال، الاعلام الجديد ورهان تطوير الممارسة السياسية: تحليل لأهم النظريات والاتجاهات العالمية والعربية، محرر" الاعلام وتشكيل الرأى العام وصناعة القيم" مركز دراسات الوحدة العربية، سلسلة كتب المستقبل، العدد ٦٩،ط١،بيروت، نوفمبر ٢٠١٣.

١٢-   محمد عبدالحميد، نظريات الإعلام واتجاهات التأثير، القاهرة: عالم الكتب، ٢٠١٠.

١٣-محمد عبدالحميد، البحث العلمي فى الدراسات الاعلامية، القاهرة،علم الكتب،ط١، ٢٠٠٠.

١٤-   يحى اليحياوي، الشبكات الاجتماعية والمجال العام بالمغرب العربي: مظاهر التحكم والدمقرطة، مركز الجزيرة للدراسات، نوفمبر ٢٠١٥، دراسة منشورة على الرابط التالي: http://studies.aljazeera.net/ar/mediastudi

**دووەم: سەرچاوە بيانييەكان:**

15- Back,M. framing effects political sophistication, paper presented at the annual meeting of imparked political faience association. August 29 September, boston 2002.

16- Oxford University Press, " social network" definition, (http://oxfordictionaries.com/definition/English/social_network) ,(accessed February 4,2013)

17- Rita Safranek, "The Emerging Role of Social Media in Political and Regime Change"March2012, (http://www.csa.com/discoveryguides/social_media/review5.php,(accessed February 6, 2013)

18- Robert ,M.Entman, "Framing :Toward clarification of a fractured paradigm" ,Journal of Communication ,vol :43,N :04 ,1993

19- The 6 Types of Social Media, (http://outthinkgroup. Com/tips/the-6-types-of-social-media),(accessed February 5, 2013)